**پارتی دیموکراتی کوردستان یا <u>پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق</u>، سەرۆکی کوردستان یا سەرۆکی <u>کوردستانی عێراق</u>؟**

## چەند دێڕێک سەبارەت بە هەڵبژاردنی سال 2009 لە کوردستانی عێراق دا

بۆ چوونە ناو ئەو باسانەوە پێویستە لە پێشدا ئەو دوو بابەتەی خوارەوە بخوێنینەوە.

{ 1 – **لە ناوەڕاستی ئەم مانگەوە - خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات**

**خەبات – فریاد محەمەد:** لە ناوەراستی ئەم مانگە ماوەی تۆماری خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسپێدەکات. هەندرێن محەمەد بەرپرسی ئۆفیسی هەولێر سەر بە دەستەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات راگەیاند: لە رۆژی 5/17 ماوەی تۆماری پالێوراوان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسپێدەکات تا رۆژی 5/23 درێژە دەکێشێ، هەروەها گوتی: چەن مەرجێک بۆ کەسانی کاندید کراو هەیە، لەوانە کەسی پالێوراو نابێت تەمەنی لە 40 ساڵ کەمتربێت، هەروەها پێویستە دانیشتووی کوردستان بێت و لە سەر هیچ تاوانێک سزا نەدرابێت.). **رۆژنامەی خەبات ئۆرگانی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە 3169 دووشەممە 11ی مایس 2009** } .

– 2








KTV...




چەن پەراگرافێک، لە پێناسەی سیاسی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی کوردستان بەرێز **مسعود بارزانی و مەسعود بارزانی.**

{ مەسعود مەلا مستەفا بارزانی لە (1946/8/16) لە مەهاباد لە کوردستانی ئێران، لە ژێر ئاڵای کوردستان لە رۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دایک بووە.

بەرێز بارزانی ژیانی لاویەتی خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەو ئامانجەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرزی کردبووەوە، لە ساڵی (1961)، ئەویش دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی و پاشان فیدرالیزم بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا، بەرێزیان خەباتێکی زۆری بۆ ئەم چارەسەرە واقیعیە کردووە.

لە ساڵی (1971) لە کاتی سازدانی کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سیفەتی ئەندامی کۆمیتە ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوە و پاشان بووە بە ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی و ئەرکی بەرپرسی دەزگای ئەمنی گرتۆتە ئەستۆ.

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ئەنجامی رێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان شای ئێران و حکومەتی عێراق لە ساڵی 1975 بە رێنمایی جەنابی مەلا مستەفای باوکی، مەسعود بارزانی لەگەڵ ئیدرس بارزانی و ژمارەیەک لە

هەڤاڵانی پێکەوە هەڵسان بە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی پێشمەرگە و دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ داکۆکیکرن لە کورد و کوردستان و لە26 گولانی1976 شۆڕشی گولان دەستی پێکرد. لە ساڵی(1976 تا 1979) مەسعود بارزانی لەگەڵ باوکی لە ئەمریکا ژیاوە وە پاش ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران گەڕایەوە ئێران تا تەرتیباتی هاتنەوەی باوکی بۆ ئێران بکات بەڵام ئەو ڕۆژەی کە بەڕێز بارزانی (1979/3/1) گەیشتنەوە ئێران، باوکی لە واشنتۆن کۆچی دوایی کرد.
لە مانگی(11ی 1979) لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوازێکی دیموکراسیانە بەڕێز بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژیردرا. هەروەها لە کۆنگرەی (12)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (1999) جارێک تر بەڕیز مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە.
لە (12ی حوزەیرانی 2005) وەکو یەکەمین سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا. **سەرچاوە سایتی خەبات** } .

وەک ئەبینین لە چەند شوێنی ئەو بیوگرافییەدا ناوی **پارتی دیموکراتی کوردستان** بەکار براوە، هەروەها ناوی **هەرێمی کوردستان** نووسراوە. لێرەدا سەرنجی ئێوەی بەڕیز ڕائەکێشم بۆ دیکۆمێنتێک لە کۆتایی ئەم بابەتە کە نامەیەکە لە لایەن بەڕێزان(**مەسعود بارزانی** و **جەلال تاڵەبانی**)یەوە نووسراوە بۆ **جورج بوش سەرۆککۆماری ئەمریکا**. لەو نامەدا نووسراوە **مەسعود بارزانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق**.

بۆ نووسەری ئەم چەن دێرە و بۆ تۆیی خوێنەری سەروەر ڕوون و ئاشکرایە کە بەڕێز مەسعود بارزانی خەڵکی کوردستانە، هەموویشمان ئەوە ئەزانین کە کوردستان بەپێی داخوازی نەتەوەی کورد نەکراوە بە چوار بەشەوە، مێژووی دابەشبوونی کوردستانیش هەموو کەس ئەیزانێت و پێویستی بە باسکردنی نییە. کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی بە ناوی جیاواز، بە بیروباوەڕی جیاواز، بە پێی توانای خۆیان لە کوردستاندا وان لە چالاکیدا. پیلان و سیاسەتی داگیرکرانی کوردستان، هەروەها پلان و سیاسەتی دەوڵەتە گەورەکانی جهانیش سەبارەت بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان تا ڕادەیەک ڕوونە.

سەردێری ئەم باسە سەبارەت بە دوو ناوە، یەکیان بەناوی عێراقەوە و ئەوی دیکەیان بەبێ عێراق.
ناو وشەیەکە بۆ ناساندنی مرۆڤ و ئاژەڵ و شتی دیکە بەکار ئەبرێد. ناو چەن جۆرە: ناوی گشتی و ناوی تایبەتی. ناو لە باری مافەوە سەرەتاییترین مافە بۆ هەر بوونەوەرێکی گیاندار یا بێگیان. جهانی ئەمرۆدا جهانی زانست و تەکنیکە، پەیتا پەیتا شتی نوێ دێتە ئاراوە، زۆربەیان تا ڕادەیەک لە یەک ئەچن و یەک کاراییان هەیە، جیاکردنەوەی ئەوانە لە یەک لە ڕێگای ناوەکانیانەوە ئەنجام ئەدرێت.
وەک ئەبینین کارەکانی ئەمرۆی جهانی بە پێی سیستمی کامپیوتەری وەک ئەنترنێت - تەلەفۆن- فاکس بەڕێوە ئەبرێت. لەو سیستمەدا ناو بە گۆترە دیاری ناکرێ. ناوەکان تۆمار ئەبن. ناوەکان بە ژمارە وەک 5572 و5573، ...... بە نوقتە(.) بە تیرە و خەت (-) بە خەتەتی بان و خەتی ژێر ( - _ ) تۆمار ئەبن. هەرکام لەو ناوانە تایبەتە بە کسێک - ماشینێک - فابریک یا حیزب و ڕێکخراوەیەک.

چۆنان و چۆنە بەڕێز مەسعود بارزانی بەناوی **پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقەوە نامە بۆ جۆرج بوش ئەنووسن**، بەڵام لە پێناسەدا **وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی کوردستان دێنە ئاراوە؟!** بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو پێناسە بۆ **هەڵبژاردن و دەنگدانە**، ئایا باشتر و جوانتر نییە کە ئەوە بۆ دەنگدران ڕوونبێتەوە کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانن یا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، هەروەها **سەرۆکی کوردستانن یا سەرۆکی کوردستانی عێراق** ؟
ئەو چەن دێڕە بۆ سایتی خەبات کە ئەو پێناسەی بڵاو کردوەتەوە، ڕەوانە کراوە تا ئاگاداری ئەو باسە ببن!

2009/6/29 سەعی سەقزی

qayshi@yahoo.com

